# قسەی دڵ

ئەمجەد شاکەلی

لە هەندەک قسە و باسیدا، نەوشیروان مستەفا، کە کەسی دووەمی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانە و یەکێکە لە هەرە جەلالییە کۆنەکانی کوردستان و هەر لە یەکەم ڕۆژی لەدایکبوونی جەلالیزمەوە، ئەو جەلالیستێکی تۆکمە و پڕباوەڕ و یەکدەندە بووە، دەڵێت، کە ئەوان و پارتیی لە سەر یەکخستنەوەی حوکومەت پێکنایەن و پێیوایە ئەو هەلومەرجانەی جاران لە ئارادا بوون، ئێستاکە گۆڕاون و یەکیەتیی هەرگیز، سەر بۆ ئەوانە دانانەوێنێت و بۆیان ناگەڕێتەوە. ڕەنگە ئەو قسانەی نەوشیروان مستەفا، زۆر توند و ڕەشبینانە بێنە بەرچاو، لێ بەڕاستی ئەوەی، کە نەوشیروان مستەفا دەیڵێت، ڕاستی و ئەسڵی مەسەلەکەیە و ئەو ڕاشکاوانە، قسەی دڵیی خۆی دەکات. نەوشیروان مستەفا، کە بڕێک کەمتر لە نیوەی یەک کتێبی خۆی، بۆ دزێواندنی نێوی بارزانی و بارزانیزم تەرخان کردووە و هەرچی تێز و دیتنێکی سیاسی ئەو هەیە، لە دژی بارزانی و پارتیی بووە و لە نیوەی تەمەنی خۆی زیاتر، دژی ماڵباتی بارزانی گوتووە و نووسیوە و بە کردار و ڕەوتاریش، ئەوەی نێو دڵ و هزری خۆی ئەنجام داوە، کە پێویستیشی کردبێت، بە چەک و فیشەک، بەرسڤی ماڵی بارزانی و بارزانیزمی داوەتەوە. پیاوێک لەو پایە و ئاستەدا بێت، چۆن قایل دەبێت بەوەی، کە ئەو نێوەندی دەسەڵاتەی، ئەو بۆ خۆی لێیەوە دەخوێنێت و تیۆریزانیەتی و وەستای بووە، لەپڕ بچێتەئاو و خانەی بچووکبونەوە و نەمانەوە؟ دیارە هیچ زانستێکی دەسەڵات، پشتگریی تێزی دەستبەرداربوون لە دەسەڵات ناکات، لە جڤاکگەلێکی وەک ئەوانەی ئێمەدا، کە ئەگەر هەموویش نەبێت، بەشی هەرەزۆری سەرانیان، جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا نییە. ئەگەر جیاوازییەکیشیان هەبێت، ڕەنگە تەنێ ئەوە بێت، کە نەوشیروان مستەفا، بڕێک لەوان ڕاشکاوانەتر قسان دەکات!. ئەوەی، کە جێی داخ و نیگەرانییە ئەوەیە، ئەو سەرکردانە، بە ڕۆژی نیوەڕۆ و سوور بە بەرچاوی هەموو دنیاوە، گاڵتە بە نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان دەکەن و هەر ڕۆژەو بیانوویەک بۆ یەکنەگرتنی خۆیان دەدۆزنەوە. وەها کارێک هیچ جۆرە ئازایەتی و زیرەکی و لێزانی و وردبینی و نیشتمانپەروەرییەکی تێدا نییە، بەڵکە ڕێک بە پێچەوانەی ئەو دەربڕینانەوەیە. ئازایەتی و زیرەکی و لێزانی و وردبینی و نیشتمانپەروەری لەوەدایە، ئەوان(سەرانی کورد)، دەستی خۆیان ئاشکراکەن و هەموو کاغەزەکانی خۆیان، بخەنە سەر مێز و پێشانی خەڵکی کوردیان بدەن و هەرچیش لە هزریاندایە ڕۆی کەن و بە ئاشکرا قسان بکەن.

2003/11/7



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com